# بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە نێوان دوو سیاسەت و ستراتیژی جیاوازدا

ئێمە زۆر جاری تریش جەختمان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هیممەت و لەخۆبووردویی کۆمەلانی خەلك و بە بەشداریی راستە وخۆی چینی چەوساوەی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. جێکەوتنی کرێکارانی پێشڕەو و وشیار و روناکبیرانی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست لە رابەری کردنی هەڵسوکەوتە جەماوەریەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان لە شوینی کار و ژیانی ئەم خەڵکە وەك رۆژی جیهانیی کرێکار، رۆژی جیهانیی ژن و 16ی گەلاویژ ئالوگۆڕێکی گرنگی رووبە پێش بە حیساب دێت. لە ناودڵی ئەم هەلومەرجەدا ئێمە شاهیدین کە چین وتوێژە کۆمەلایەتیەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە، هەرکامیان بۆ بەرژەوەندی دیاریکراوی خۆیان تیدەکۆشن.

بۆ حیزبە ناسیۆناڵیستەکانی کوردستان ئامانجی رزگاری نەتەوەیی جێگەی خۆی داوە بە هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیی رێبەران و حیزبەکانیان. هەر ئەوەندە بە شوێن دروشمەکانی نەتەوەییان دا دەچن کە خزمەت بکات بە نزیك بونەوەی حیزبەکانیان لە دەسەلات . لەدرێژەی ئەو مەیل وبۆچوونەشدا کۆمەڵێك روناکبیر وخوێندەواری سەربەخۆی کوردیش هەن کە لە ژێر ناوی پێویستیی لیبڕالیزەبوونی بیری نەتەوەیی، تەبلیغ بۆ دێموکڕاسیی غەربی وەك تەنیا رێگا چارە بۆ نەجاتی نەتەوەکەیان لە چەوسانەوە و نابەرابەرییە سیاسیە کۆمەلایەتیەکان دەکەن وپێشیان وایە ئیشکال لە ناوشیاری خەڵکەوەیە کە قسە وسیاسەتەکانی ئەوان بەجیددی وەرناگیرێن.

بەلام هەڵوێستی حیزبە ناسیۆناڵیستەکان و لیبڕالەکانی کورد بێ بنەما نییە و ریشەی چینایەتی خۆی هەیە. چین و تویژە کۆمەلایەتیەکانی کوردستان لە گەڵ ئەوەشدا کە هەرکامەیان بە جۆرێك هەست بە ستەمی نەتەوایەتی دەکەن بەرژەوەندیی ماددی و واقعی جیاوازیان هەیە. سەرمایەداری کورد بەرژەوەندی درێژ خایەن و چینایەتیی خۆی لە گەڵ نەزم وجێگیر بوونی سیستەمی سەرمایەداری، کە سیستەمێکی فەرا نەتەوەییە بەدی دەکا و خەڵکی تریش لە جەرگەی ئەو بزووتنەوەیەدا نان وئازادی و ولاتیان دەوێ.

بۆیە ئێستا بیروبۆچوونی ناسیۆناڵیستیی، بەکردەوە کەوتۆتە ژێرگوشار و تەئسیری سیاسیی و کۆمەلایەتیی دوو رەوتی بە تەواوی جیاواز لەیەك کە هەرکامە بە نۆبەی خۆی کاری بۆ دەکا. لیبڕالیزمی راست و بۆرژوایی

و رادیکاڵیزمی چەپ و کارگەری. هەر کام لەم دوو رەوتە لە ئاستی جیهانیدا لە هەوڵی دۆزینەوەی هاوپەیمانانی خۆیاندان و لە ئاستی کوردستانیش دا هەوڵدەدەن بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان پشت ئەستور بن.

دەوڵەتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا و لیبڕالیزە کردنی کێشەی کورد

گەمەی سەرمایەداریی جیهانیی بەکێشەی کوردە، بە پێچەوانەی خۆشباوەڕی ولێکدانەوەی نادروست وقەولی ناڕاستی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی، لە سەردەمی ئێستادا ئەودەوڵەتانە نایانەوێ چارەسەری کێشەی کورد بە نێو ولەسەر حیسابی ئەوان تەواو بێ و لە کاری دۆزینەوەی هاوپەیمانی جیهانی دا بە پێچەوانەی ئیدعاکانیان زۆر سەرکەوتو نین.

لەماوەی دووسێ دەیەی رابوردودا و بە تایبە ت پاش لە بەریەك ترازانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، یەکجەمسەر بوونەوەی جیهان بە سەرکردایەتی ئەمریکا، رەوتی روداوەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە، دەوڵەتانی رۆژئاوا، لە سەرەویان ئەمریکا نەیانویستوە سیاسەتی دیفاع لە ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبەکانیان لە بەرابەر دەوڵەتانی پەیوەندیدار بگرنە پێش.

دیاردە وهۆکاری خۆ لادان لە وەڵامدانەوەی واقعیی بە کێشەی کورد لەژێرناوی لیبڕالیزە کردنی ئەم بزووتنەوەیەدا هاوکات لە لایان حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و دەوڵەتانی رۆژئاواوە پشتگیری لێدەکرێ. هێندێك فاکتۆری گرنگ لەو بابەتەوە هەن کە لێرەدا وەبیر هێنانەوەیان پێویستە:

ئەلف: هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەساڵی 1357ی هەتاویدا و قەبوڵ نەکردنی بچووکترین مافە ئینسانی و دێموکراتیکەکان، بە مافی رەوای میللەتی کوردیشەوە و پێشێلکردنیان لە لایەن ئەم رژیمەوە یەك لەو نمونە زەقانەیە. لەو ماوەیەدا بە درێژایی تەمەن ودەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی لە ئێران خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر وبێ پسانەوە خەریکی خەبات و تێکۆشان بوون و لەو رێگایەدا قوربانییان داوە و بەمجۆرە لەمەیداندا بوونی خۆیان بە دۆست و دوژمنانیان سەلماندوە. بەڵام هیچ هەوڵێکی جیدی بە مەبەستی یارمەتیی لە لایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە کە خاوەنی دەسەڵاتن و لایەنگرانیان بەدەمڕاست و سەردەمداری دێموکراسیان دەزانن، نەبینراوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە لە رێگای ئەحزابی خۆش باوەڕی کوردستانیی لایەنگری پڕۆژەی ئەمریکا لە ناوچەکە بە شێوەیەکی هەلپەرستانە خەریکی کەڵك وەرگرتن لە کاڵ وکرچیی سیاسیی ناو بزووتنەوەی کوردستان بوون. تەنانەت تا ئێستا هەوڵێك بۆ رێکخستن و یەکدە نگ کردنی ئە م حیزبانە کە جیاوازییەکی سیاسیی ئەوتۆش لە بەینیاندا بە دی ناکرێ لە خۆیان نیشان نەداوە و هەر لە دوورەوە سەیری کێشەکانیان دەکەن و لە گەڵ هەرکامیشیان بە جیا ژێر بە ژێر سیاستەکانی خۆیان دەبەنە پێش.

بێگومان ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بۆدەوڵەتانی سەرمایەداریی رۆژ ئاوا و لەسەرەوەی هەموان بۆ دەوڵەتی ئەمریکا، کە شاهیدی هەموو ئەو سیاسەت و کردەوە دژی ئینسانی و نادێموکراتیانەی کوماری ئیسلامیی و هەموو ئەو خەبات و موبارەزەیە، کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پێناو گەیشتن بە مافی خۆیاندا کردویانە، ئێستاش هەر حکومەتی سەرمایەداریی ئێران دۆستی دواڕۆژ بەحیساب دێ نەك میللەتی کورد و حیزبە کوردستانیەکان کە ئێستاش بە شێوەیەکی یەك لایەنە هەرکام خۆیان هاوپەیمانی ئەمریکا بە حیساب دێنن.

ب : هەرچەند خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە عێراق بۆ رزگاریی لە ستە م و چەوسانەوە، تەنیا نەبەستراوەتەوە بە سەردەمی ئێستا و دەگەڕێتەوە بۆسەرەتاکانی دامەزرانی وڵاتی عێراق، کە بەردی بناغەکەی دەستکردی دەوڵەتانی رۆژئاوای پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بوو، کە بنچینەی لە سەر بەرژەوەندیی خۆیان پێکهات. بەڵام هەلومەرجێك کە لە دەورانی دەسەڵاتی حیزبی بەعس و سەدام حسین دا شاهیدی بووین تایبەتمەندیی خۆی هەیە. جیهان لەم دەورانەدا لە لایەکەوە شاهیدی کردەوەی دیکتاتۆرییەکی وە ك سەدام بووە، کە ئەنفال، کیمیاباران و جینۆسایدی گەلی کورد بەشێك لە بەرهەمی ژیانی ئەو حکومەتە بووە. لە لایەکی تریشەوە خەڵکی ستەمدیدە و ناڕازیی عێراق و بە تایبەتیش میللەتی کورد بووە، کە سەرەڕای هەموو سەختی و دژواریەکی کە لە باری ماددی ومەعنەویەوە بەتوشیانەوە بووە، دەست بەرداری خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی یەکجاری خۆیاندا نەبوون.

هێشتا گەلی کورد هەروا لە ژێر ستەمکاریی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراقدا بوو کە دۆست وپشتیوانی دوێنێی رژیمی سەدام لە لیباسی دوژمنی تازەدا دەرکەوت. لە رێکەوتی 2003/5/17 دا کارە ساتی هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆ سەر عێراق وەك سەکۆیەك بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچەی پڕ نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داسەپاندنی سەرلە نوێی هەیمەنە و هێژمونی دەسەڵاتی ئەمریکا بە سەر ناوچەکەدا کەڵکی لێ وەرگیرا. پێویستە بگوترێ کە هاوپەیمانی ئەو کاتی ئەمریکا بۆهێرشی نیزامی کردنە سەر عێراق لە گشت ناوچەکە بە تەنیا لە کوردستان بوو تەنانەت حکومەتی تورکیە وهەموو ئۆپۆزیسیونی عێرا قیشی بە تەواوی لە خۆ نەدەگرت. هە ربۆیەش چاوەڕوانیی حیزبەکانی کوردستانی لە حزوری ئەمریکا لە مەنتقە ئەوە نەبوو کە ئێستا بە کردەوە هە یە. ئەوکات چاوەڕوانیی ساغ بوونەوەی کوردستانێکی ئازاد و پان و بەرینتر لە ئێستا، کە کێشەی کە رکوك وناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی تێدا چارەسەر کرابێ و ژیان و ئاسایشی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی دابین کرابێ، مزگێنی دەدرا و تەبلیغ دەکرا.

ج : ئەم چاوپۆشی وبێدەنگیانەی دەوڵەتانی رۆژئاوا سەبارەت بە مەسەلەی کورد کە لە سەرەوە باسیان کرا، روو لە بزووتنەوەی کوردستان لە تورکیەش بەڕێوە چووە. سیاسەتی رۆژێك موخالفەت و رۆژێك چرای سەوز نیشاندان بە دەوڵەتی تورکیە لە مەڕ پەیوەستبوونی ئەم وڵاتە بە یەکێتی ئوروپاوە نابێ و ناتوانێ هاوکاریی و

هاودەنگیەکانیان بە دوڵەتی شێوە فاشیستی تورکیە بۆ سەر خەڵکی کورد لەم وڵاتە بشارێتەوە. جێکردنەوەی پ. ک. ک. لە لیستی دەستکرد و بە تروریست ناساندنی و دەستگیریی گوماناویی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری ئەم حیزبە لە ساڵی 1999 زایینییدا ئەوە نیە بۆ کەس شاراوە و جێی گومان بن. ئێستاش هاوکاریی جۆراوجۆری ئەمریکا و بێدەنگیی ئوروپا سەبارەت بە هێرش بۆ سەر قەندیلی ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێم و بەرگری کردن لە چالاکیی قانونیی حزبێکی کوردیی ناسراو بە د. ت. پ. کە پێشتر هەر لە لایەن خۆیانەوە بە هیوا و مەبەستی بە لاڕێدا بردنی مەسەلەی کورد ئیزنی چالاکیی قانونی پیدراوە، هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتە دایە.

خەبات و تێکۆشانی کەم وێنەی ئەمسالانەی دوایی میللەتی کورد لە سوریە لە بەرابەر سەرکوتی وەحشیانەی ناسیۆنالیسمی عەرەب بەدەستی دەوڵەتی بەشار ئەسەد هەر لەو چوار چێوەیە دایە کە بیدەنگەی لیٚ دەکریٚ.

چاوپۆشی و بە هیچ نەگرتنی خەبات وفیداکاریی خەڵکی کوردستان و سەرکوتی بێبەزەییانە بەدەست دوژمنانیان، لە لایەن دەوڵەتانی رۆژئاواییەوە فشارێکی قورسە بۆ سەر ناسیۆنالیسمی کورد و بەتایبەت بۆ سەر حیزبەکانی سەر بە رۆژئاوا. لە ناودڵی هەلومەرجێکی سیاسیی لەو چەشنە و بە لەبەر چاوگرتنی مێژوی گشت ئەو کردەوە توندوتیژیانەی وەك (کیمیابارانی هەڵەبجە، قەتلی عامی قاڕنا وقەلاتان، ئەنفالە بەدناوەکان و تراژدیای کوچە زۆرە ملێکان...) کە لە لایەن دوڵەتانی جۆراوجۆر و ناسیۆنالیزمی میللەتی بان دەست دەرحەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجام دراوە و هێرشی ئێستای سەر قەندیلیش کە تەنیا روو لە پ ك ك نییە لە خزمەت هینانەخوار و کەمکردنەوەی داخوازیی و تەوەقوعاتی خەڵکی کوردستان دایە، ناسیۆنالیستی کورد کە خۆی شاهیدی رۆژانەی هەموو رووداوەکانە پێمان دەڵیٚ: دڵتان گەورە بێت، ڕاوەستن با دوژمنانمان فێری دێموکڕاسی کەین پاشان بۆمان حەلدەکەن!؟ ئەگەرچی بە راستی مەنتقی سیاسیی رەوت و تاکی ناسیۆنالیستی کورد زور لاوازە بەڵام پووچەڵ کردنەوەی، هەر ئەرکی شۆڕشگێڕانەی بەرەی چەپ و سۆسیالیستییە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ رابەریی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان لیبڕالیسمی بۆرژوایی وەڵام و ڕێگاچارەی پێیە یان سۆسیالیسم و رادیکالیسمی کارگەریی؟ لێرەدا هێزێك دەتوانیٚ ئیدیعای رابەری و تەئسیردانانی هەبیٚ کە لە بیری پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و رزگاریبەخش لە کۆمەڵگادا بیٚ کە پشتی بە هێزی خەڵك بەستبیٚ و بەرژەوەندی جەماوەری کرێکار و ستەمدیدەی کوردستانی لە بەرچاوبیٚ و بە کردەوەش بۆی تێبکۆشیٚ، نەك هێزێك راگرتن و مانەوەی دەسەلاتی سەرمایەدارانی خوێنمژ وداگیرکەر لە سەرانسەری دونیا بە کوردستانیشەوە مەبەستی سەرەکیی بێت. هەموو رووداوەکانی چەند دەیەی دوایی ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەوهێزە رزگاری بەخشە ناتوانیٚ لیبڕالیسمی بۆرژوایی بیٚ. نە تەنیا لە بەر ئەوەی کە ئێستا، ناوەندە دەسەلاتدارەکانی ئەم سیستەمە وەك دەوڵەتانی رۆژئاوا و بە تایبەتیش ئەمریکا نایانەویٚ خۆ لە گەڵ کێشەی

کورد تیکەڵ کەن، ئەگەر بە قیمەتی ئاشکرا بوونی ماهیەت وناوەرۆکی فریودەرانەی خۆیان و سیاسە تە کانیشیان بێت. بەڵکو ناکۆکیەکانیانی لە گەڵ دێموکراسی راستەقینە رۆژ لە رۆژ زیاتر چڕدەبێتەوە و ناتوانن بەژەوەندیی زۆرینە بپارێزن، خەڵکی نەدار وناڕازیی بپاریزن. ئە گەر وا نەبایە، دەبوو ئێستا لانیکەم لە بەشێکی ئەم سەر زەوییە پان و بەرینەی کوردستان لە ئاستی پێکهێنانی حکوومەتی سەر بەخۆدا قسەی لێکرابا. بە لەبەر چاو گرتنی سیاسەت وکردەوەی سەرکوت و جینۆسایدی حکوومەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیە و سوریە کە کورد وەك کەمینەی بەرچاو ئازارەکانی دیوە، هەر وەها خەبات و فیداکاریی کەم وێنە بۆ رزگاریی لە ستەمی نەتەوایەتی، بە قەولێك لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە چ لە ئاستی پان بەرینی و چ لە بواری خاوەن سامانیی وهێزی کار و...، هیچ کەم وکورتییەکی لە ولاتانی تری سەرمایەداری نییە، لانیکەم دەبوو وەك ئێستا چاو لە دەست نەبان. هیچ پێویست ناکا ئێستاش چاوەڕوانی وادە و خەیالاتی دروست کردنی ئیسرایلێکی تر لە لایەن ئەمریکاوە بین، یان پێمان وابێ رەوتی ئێستا بە هاوکاریی وچاوەڕوانیی لە حکومەتی شیعە وسوننی دەتوانێ لە عێراقی دوا رۆژدا سویسی فیدڕالی دامەزرێ.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە و ئەزموونانە و بەهۆی جەماوەری بوونەوەی رێبازی چەپ وکارگەری لە کوردستان، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و کارسازەوە. بێشك سەرهەڵدانی سە ر لە نوێی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان وپەروەردە بوونی کۆمەڵێك هەڵسوڕاو و ڕابەری سیاسی بە بیری سۆسیالیستیەوە لە ناودڵی ئەم بزووتنەوە جەماوەری و کۆمەلایەتیانەدا رووداوگەلێکی گرنگ و هیوا بەخشن. حزروی رێکخراوەیەکی وەك کۆمەڵە کە خاوەنی سیاسەتی روون و تاقیکراوەیە و بەرنامەیەکی بیرلێکراوەی پێشنیاریی بۆحاکمیەت و دەسەلاتی جەماوەری لە کوردستان هە یە، دە توا نێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بۆشایی رابەریی نەبێ و لە رێگای هاوخەباتی و لە ریزی بەرەی چەپ و کارگەریدا، هاسانتر و خاترجەمتر لە داخوازیەکانی خۆیان نزیك بنەوە.

بەلام بێگومان بەرەی چەپیش لە هیچکام لەو ولاتانە بە ئێرانیشەوە بێ کەم وکوڕی و موشکیلات نیە، بێجگە لە پرژوبلاوی وکەمبونی دیالۆگی پێویست تا رادەیەك پێشینەی مێژویی چەوت و چەواشەکارانەش لەو بابەتەوە بە ناونیشانی چەپ تۆمار کراوە. هەر بۆیە ئێستا ئەرکی بەرەی چەپ وکۆمۆنیستەکان لە هەمیشە سەنگینترە و پێویستە ئەو تایبەتمەندیانە بە دڵی ئاواڵە و بەچاوی روونەوە سەیر بکرێن. پڕکردنەوەی ئەوبۆشاییە و وەلامی پێویست وشیاو بە هەلومەرجی ئێستا، بەبێ هەوڵ و تێکۆشانێکی هاوئاهەنگ و رێکخراو لە گەڵ تێکۆشەرانی چەپ وسۆسیالیستی ناو کۆمەڵگا مسۆگەر نابێ. بەلام بێگومان بە دیاریکردنی سیاسەت و بەرنامەی رۆشن و جێگیر کردنی لە ناوخەڵکی زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕانی کوردستاندا، بەمەبەستی رێکخستنی خەبات وناڕەزایەتیە کۆمەلایەتیەکانی، وەك بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، روناکبیران ولاوان و بزووتنەوەی

شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان ڕێگای بەرەو پێش چوون و ئەگەری کرانەوەی دەروازەی سەرکەوتن بە رووماندا دەکرێتەوە. پێویستە بەرەی کۆمۆنیست و چەپ، وەك خاوەن و بە شدار لە دەسەلآت و حاکمیەتی داهاتوی ئێران چاو لە خۆی بکا، بۆیە نابێ بە هێندێك تەکان و شەکانی بە پەلە و کورت ماوە، هەرچەند شۆڕشگێڕانەش بن لە خۆ دەرچێ و گرنگی ئاگا بوونەوە و ڕێکخراو بوونی چینی کرێکار وەك رابەر و کۆڵەکەی ئەسڵیی ئە م بزووتنەوە فەرامۆش کا و نە وەلآم دانەوەش بە داخوازییە دێموکڕاتیکەکان بە ئەرکی سەرەکی خۆی نەزانێ. بە جێگیر بوونی بە کردەوەی بیری ڕابەری و بە دەستەوە گرتنی دەسەلآتی سیاسی لە لایەن بزووتنەوەی چەپ وکرێکاریەوە، ئە رکی ئێمە لە بابەت وەلآمدانەوە بە داخوازیە دێموکڕاتیکەکان، لە وانە مافی دیاری کردنی چارەنووس (مافی نەتەوەیی ) لە هەر بابەتێکەوە، گرنگیی زیاتر پەیدا دەکا وپێویستە رەنگ وبۆنی بە کردەوە دەرهاتنی لە هەڵسوکەوتەکاندا، لە لایەن بەرەی چەپ و سۆسیالیستەوە بە روونی بەدی بکرێ.

لە هەلومەرجی ئێستادا بزووتنەوەی رزگاری بەخشی کوردستان لە هاوخەباتی و لە ژێر رابەری بەرەی چەپ وسۆسیالیستی سەراسەری ئێراندا بۆ لەگۆڕنانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ دەورێکی گرنگ و شیاوی خۆی بگێڕێ و لەو رێگایەوە بە داخوازیەکانی خۆشی بگات. سیاسەتی چاوەڕوانیی و لیبڕالیزەبوون، لە سەر بەژەوەندی چینی دەسەلآتدارە و هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لە گەڵ هێنانە گۆڕی مافی فە رهەنگی، بۆ بە لاڕێدا بردن وبێ وەلآم هێشتنەوەی مافی نەتەوایەتی، دیالۆگی تەمەدونەکان لە لایەن خاتەمی نیە و دوو رووی پوولێکی سووتاون و بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان وەك رێگا چارە بە حیساب نایە.

***